# رۆژنامەگەری و سەفقە

سەلام سەعدی
salam2002az@yahoo.com

دەربارەی بابەتێك كە وا بزانم تۆزی لەسەر نیشتبوو، بەرپرسی كارەكەم ناردمی بۆ ئەنجامدانی چاوپێكەوتنێك لەگەڵ یەكێك لە بەرپرسەكان .

من ویستم بەرپرسەكەم لەوە تێبگەیەنم كە ئەو بابەتە كۆن بووەو كاتی باسكردنی بەسەرچووە، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی كە نەخێر بابەتەكە هێشتا زیندووە و بابەتێكی ( گرنگە!)

بەهەرحاڵ ناچاربووم باوەڕ بەخۆم بهێنم كە بابەتەكە هێشتا گەرمەو زۆر گرنگیشە. ئیدی چوومە لای بابای بەرپرس و چاوپێكەوتنەكەم ئەنجامدا، هەر بە راستی ئەویش چەند جارێك ئەوەی لێ دووبارە كردمەوە كە ئاخۆ كاتی باسكردنی ئەم قسانە ماون یان نا ؟

منیش دڵنیام كردەوە كە بەلای بەرپرسەكەمەوە كاتی ماوەو بابەتێكی زۆر نوێیە .

لە كۆتایی ئەو دیدارەشدا بەرپرسە گەورەكەی حزب و حكومەت سوپاسی كردم و داوای لێكردم كە سڵاوم بە (. . . . . . . . .) بگەیەنم و پێی بڵێم كە ( ئەو شتەی داوای كردبوو هەرچەندە یاسایی نییە، بەڵام موشكیلە نییە بۆی جێبەجێ دەكات !!!) . بەهەرحاڵ چاوپێكەوتنەكەم ئەنجامداو سەرلەنوێ ئامادەم كردەوە، پاش چەند رۆژێ دەقی چاوپێكەوتنەكەم بینی زۆر بە (ئیهتیمامەوە) دابەزیبوو .!

ئیدی تێگەیشتم كە ئەم چاوپێكەوتنە زۆر گرنگەی من ئەنجامم دا هیچ نەبوو جگە لە سەفقەیەك ( من ئیبرازت ئەكەم، تۆش جار جار تەكلیفمان ماشی بكە!)

بەڵام ئەوەی لە دڵمدا هەر گرێیە ئەوەیە كە ئێستاش نەمزانی ئەو تەكلیفەی بەرپرسەكەم چی بوو . . . . . . . . . .

دەڵێم تۆ بڵێی رۆژنامەگەریی كوردیی كە لێوان لێوە لەم جۆرە كردەوە نابەجێ و نابەرپرسانەیە و ئەوەی باسم كرد تەنها مشتێكی ئەو خەرواریە، ئەمانەش لە دووتوێی لاپەڕە پرشنگدارەكەیدا تۆمارنەكات ؟!

**تێبینی كوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم رێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.......... 15-1-2003

www.kurdistannet.org كوردستان نێت